لەم ژمارەیەدا
ل3 ئۆپۆزیسۆن و دەستەڵات لەدوو بازنەی جیاوازو بەیەکداچوودا
ل4 زانستگەی الحورە لەهۆڵەندا، (زانست لەرێگەی دوورەوە)
ل5 بووژانەوەی ئابووری کوردستان
ل7 کێ بەعسی نییە؟!

گەل رۆژی
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە, حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە (152) یەکشەممە 2006/7/9

## ئەمریکیەکان تاوانی سڤیل کوشتن سەرراست دەکەنەوە

رۆژی6-7-2006 ژنەراڵ کیسی، سەرۆکی هێزە فرە رەگەزەکان لەعێراق‌و زالمای خەلیل زاد، بالیۆزی ئەمریکا لەعێراق لەراگەیاندراوێکی هاوبەشدا وێڕای ئەوەی سەرەخۆشیان لەبنەماڵەی ئەو چوار وڵاتییە سڤیلە کردووە کە بەدەستی هێزەکانی ئەمریکا لەمەحمودیە کوژرابوون، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە رۆژی 30-6-2006 ئەوسەربازە ئەمریکیەی کە تاوانی کوشتنی چوار کەسەکەی ئەنجام داوە، هەروەها بەر لەکوشتن دەستدرێژی کرۆدتە سەر یەکێك لەقوربانیەکان دەستگیر کراوە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ‌و سزاش دەدرێ.

شیاوی باسە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ماوەیەکە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هێزەکانی ئەمریکا بۆ خۆیان خەڵکی سڤیل دەکوژن، تەنانەت هەندێ جار دەستدرێژی سێکسیش دەکەنە سەر کچ‌و ژنان، بەڵام ئەمریکیەکان‌و حکومەتی عێراق بەتووندی رەتیان دەکردەوەو بەدرۆیان لەقەڵەم دەدا.

# ئەو پیلان‌و سیناریۆیانەی کە بەمەبەستی بەرتەسککردنەوەی ئازادی بەرێ دەخرێن، ریسوا دەکرێن

## رۆژەڤ

دووەمین سەرکۆماری یەکێتی سۆڤیەت، جۆزیف ستالین کاتێ دەیویست بەرنامەی لەناوبردنی هاوڕکانی خۆی لەنێو پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت دەستپێبکات‌و ترس‌و تۆقاندن لەنێو کۆمەڵگەی سۆڤیەت پەرە پێبدات، بۆ خۆی بەرنامەی ترسناکی دادەڕشت، هەموو لایەکی پێ فریو دەدا، بە و بیانۆیەوە دەیان هەزار نەیاری خۆی لەزیندان دەئاخنی‌و هەزارانیشی ناچار دەکرد کە ئەو سیناریۆیانە سەرراست بکەنەوە کە لەلایەن دەزگای پارێزگاری خۆیەوە دادەرێژران. هەزاران کەس بۆ دەربازکردنی گیانی خۆیان ئامادەبوون تەواوی تۆمەتەکان لەئەستۆی خۆیان بگرن. بەمەش پیلان‌و سیناریۆیەکان سەریان دەگرت‌و هەزاران نەیار لەنێو دەبردران. ستالین بۆ پاکتاوکردنی هاوڕێکانی خۆی لەسەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت ترسناکترین پیلانی دارشت، بەئاگاداری خۆی (کیرۆڤ) کە نزیکترین‌و خۆشەویسترین هاوڕێی خۆی بوو تیرۆرکرا، ئیدی لەو پەنایەوە، لەژێر پاساوی تۆڵەی خوێنی کیرۆڤ دەستی بەپاکتاوکردنی نەیارانی خۆی کرد. دوای مردنی ستالین سیناریۆکان پەردەیان لەروو هەڵماڵرا، بەڵام پاش چی، پاش ئەوەی سەدان هەزار کەس بەتۆمەتی ناپاکیکردن لەگەڵ نیشتمان‌و لەژێر ناوی دوژمنانی گەل رەوانەی گۆشە تاریکەکان کرابوون، دوور خرابوونەوەو لەسێدارە درابوون.

هیچ شتێك لەوە ترسناکتر نیە کە دەزگای ئاسایش‌و پارێزگاری حکومەت‌و نیشتمانێك بەمەبەستی تۆمەتبارکردنی کەسان‌و رێکخراوی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی ئەو وڵاتە بۆ خۆیان سیناریۆ دابرێژن‌و پیلانەکە بەرێوەببەن‌و کەسانی دیکەی پێ گرفتار بکەن.

پۆلیس‌و ئاسایش ئەرکیان پاراستنی سەروگیانی وڵاتیان‌و دەستەبەرکردنی هێمنایەتی‌و تەناهییە بۆ کۆمەڵگە، ئەگەر پێچەوانە شکایەوە سەرەتای هەنگاوی بەرەو خنکادنی ئازادی بیرورا‌و خۆسەپاندن وەدیار دەکەون. هەر پیلان‌و سیناریۆیەکیش لەدوا وێستگەدا ئاشکرا دەبن، بەڵام هەندێ سیناریۆ خۆیان دەدوێن‌و پەردە لەرووی خۆیان هەڵدەماڵن. ئەوەی لەرۆژانی رابردوو بەرانبەر بەپارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەهەولێر ئەنجامدرا، رێك ئەو هاوکێشە ترسناکەیە کە خەریکە لەواری کرداریدا زەنگی مەترسی لێدەدات‌و ترس‌و تۆقاندن لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ.

ئاسایشی هەولێر بەبیانۆی ئەوەی ئەندامێکی ئەو پارتە کە خۆی پۆلیسە، دوو نارنجۆکی دەستی لەناو ئۆتۆمۆبیلێکی ئاگرکوژانەوە داناوەتەوە، رۆژی 2-7-2006 گەمارۆی بارەگای رێکخستنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانیان دا، ئەوانەی لەوێ بوون دەستگیرکراون‌و بارەگاکەشیان داخست، ئاڵای کوردستان‌و تابلۆی بارەگاکەشیان هێنایە خوارەوە.

بەرلەوەی پارتی چارەسەر روونکردنەوە دەربکات، زۆرێك لەخەڵکی کوردستان هەستیان بەو مەترسیە کرد کە خەریکە بەخشکەیی لەبالای رێکخراوەکانی دەرەوەی دەستەڵات دەئاڵێ. ئێمە لەکاتێکدا داخباری خۆمان دیار دەکەین، لەهەمان کاتدا داوا لەرێزدار سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی پەرلەمان‌و سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەکەین کە لیژنەیەکی بێ لایەن پێکبهێنن‌و لەراستی رووداوەکە بکۆڵنەوە، چوونکە:

—ئاسایش ئەو تۆمەتەی خستۆتە ئەستۆی پۆلیسێك کە گوایە ئەندامی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانە، لەکاتێکدا هەموو رێکخراوە سیاسیەکان‌و خەڵکی کوردستانیش دەزانن کە کەسانی دەرەوەی حزبە دەستەڵاتدارەکان بەهیچ شێوەیەك لەسەر میلاکی پۆلیس‌و ئاسایش دانامەزرێن. هەر دامەزراندنێکیش دەبێ پاڵپشتی لایەنی ئاسایشی حزبی دەستەڵاتداری لەگەڵ دابێ.

— تا ئێستا دەیان کاری تیرۆریستی لەنێو شاری هەولێر ئەنجامدراون‌و بەدەیان کەسیش بوونەتە قوربانی‌و ئاسایش دوای رووداوەکان لێیان ئاگاداربۆتەوە. تەنانەت باندێکی ترسناکی وەك شێخ زانا بەرێککەوت ئاشکرابوو، هەوڵ‌و لێوەشاوەیی ئاسایشی تێدا نەبوو، ئەی باشە چۆن ئاسایش ئەمجارەیان بەرلەوەی ئەو دوو نارنجۆکە بتەقنەوە کە تەنیا یەك پۆلیسیش کردوویەتی پێی زانی‌و پێیڕاگەیشت؟!. یان ئەوەتە پۆلیسەکە خۆی کارەکەی کردووەو خۆشی زانیاری بەئاسایش داوە، یان لەئێمە باشتر چوونەتە خەونی ئاسایش!!.

— گریمان ئەو پۆلیسە ئەندامی ئەو پارتەیەو ئەو کارە ترسناکەشی کردووە، بەڵام ئایا ئەمە پاساوە تا بارەگای حزبێکی پێ دابخرێ؟!. ئەگەر ئاسایش ئەمە بەرەوا دەزانێ، دەبوایە زۆر زووتر بارەگای خۆی دابخستایە، چونکە ملازم دلێر ئەفسەری ئاسایش بوو، دەیان کردەوەی تیرۆریستیشی ئەنجام دابوو. کەواتە ناڕەوایەتیە ئەگەر لەسەر کردەوەی ئەندامێك، بارەگایەك یان لایەنێك پەلامار بدرێ‌و دابخرێ.

ئەمە بەزەنگی مەترسی بۆ سەر داهاتووی دیموکراسی‌و ئازادی رۆژنامەوانی لێکدەدرێتەوە، لەوانەیە لەداهاتوودا لەبیانۆی هاوشێوەدا پەلاماری حزب‌و لایەنەکانی دیکەش بدرێ، دەبێ هەر لەئێستاوە رێگە لەو رەفتارانە بگیرێ.

بەدەنگی بەرز داوا لەرێزدار سەرۆکی هەرێم دەکەین کە هەرچی زووترە لیژنەیەك راسپێرێ تا لەو رووداوە بکۆڵێتەوە، رێکخراوەکان‌و کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان لەو نیگەرانی‌و دڵەڕاوکێیە دەرباز بکرێن. ئەمەش تەنیا بەشەفافیەت ئەنجام دەدرێ، دادگەش سەرپشك دەبێ لەوەی تاوانباران سزا بدات. دەبێ ئەو پیلان‌و سیناریۆیانەی کە بەمەبەستی بەرتەسکردنەوەی ئازادی وەڕێ دەخرێن، ریسوا بکرێن، چونکە کاریگەری نێگەتێڤ لەسەر دوارۆژی گەل‌و نیشتمانەکەمان دادەنێ. زیان بەناوبانگی حکومەت‌و نەتەوەو نیشتمانەکەمان دەگەیەنێ.

## زیندانێك دەدۆزرێتەوە، 300 رفێنراو ئازاد دەکرێن

ماڵپەری ئیلاف لەزاری سەرچاوەیەکی هێزەکانی ئەمریکا بڵاوی کردەوە کە لەنزیك میقدادیە زیندانێك دۆزراوەتەوە کە ژمارەیەك رفێنراوی تێدابووەو ئازادکراون.

رۆژی 7-7-2006 هێزەکانی ئەمریکی- عێراقی بەمەبەستی گەڕان بەدوای ئەبو ئەیوب میسری سەرۆکی رێکخراوی ئەلقاعیدە لەوڵاتی رافیدەین کە لەشوێنی ئەبو مەسعەب زەرقاوی دانراوە، لەناوچەی میقدادیەو بەعقوبە شاڵاوی پشکنینیان دەست پێکرد، لەئاکامدا لەنزیك میقدادیە زیندانێکی گەورەیان دۆزیەوە کە 300 رفێنراوی تێدابوو، هەموویان ئازادکران.



بەگوێرەی قسەی سەرچاوەکە زیندانەکە لەشوێنێکی چۆڵ بووەو تەڵدرووی لەدەورە بووە. سەربازی ئاشکراکردنی ئەم زیندانەو دۆزینەوەی ئەو ژمارە زۆرەی رفێنراوان کەچی ئاماژە بەکوژران‌و گیرانی هیچ تیرۆریستێك نەکراوە، نەزانراوە ئەو زیندانە هی کامە گروپەو ئاماژەش بەناسنامەی ئەو کەسانەش نەکراوە کە تێیدا زیندانی کرابوون.

دۆزینەوەی ئەو زیندانە ئەگەرچی سەرکەوتن‌و مژدەیەکی خۆشە بۆ خەڵکی عێراق، بەڵام دیسانەوە جێگەی پرسیارە چۆن گروپە چەکدارەکان ئەو توانایەیان هەیە کە بتوانن زیندانێك لەنزیك بەغداد دروست بکەن‌و سەرپەرشتی بکەن‌و ئەو ژمارە زۆرەی رفێنراوان رابگرن!!.

## گۆڕێکی باپیرانمان لەچین دەدۆزرێتەوە

گۆڕێکی باپیرانمان لەهەرێمی شائانخی وڵاتی چیندا دۆزاروەتەوە. بەگوێرەی هەواڵی چینا ئۆرگ، تیپێکی ئەرکۆلۆژی چینی، پشکنینی (دی ئێن ئا)یان لەسەر ئێسکی کۆمەڵێك مرۆڤ لەگۆڕستانێکی وڵاتی چین کە مێژووەکەی بۆ 2200 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، کردووە، لەئاکامدا سەلمێنراوە کە کوردیشیان تێدایە.

لەو پشکنینەداو بەهۆی جینی ناو ئێسکەکانەوە دەرکەوتووە کە گۆڕستانێك تایبەتە بەکورد، ئێسکەکانیش هی کۆمەڵە مرۆڤێکن کە تەمەنیان لەنێوان (15تا55)ساڵی دا بووە. پشکنینەکە دەری خستووە کە گۆڕی تایبەت بەتورکمانەکانی تورکمانستان‌و پاکستانیەکان‌و فارسەکانی ئێرانیش هەن.

سەرچاوە مێژوویەکان باس لەوە دەکەن کە قەیسەری چین (206-221) پێش زایین زیاتر لەحەفت سەد هەزار کەسی لەرۆژهەڵاتی ناڤین بردووە تا لە قەڵەمرەوی خۆیدا کاریان پێبکات. پسپۆرانی مێژوویی پێیانوایە گۆڕستانەکە هی ئەوکەسانەیە کە قەیسەر (دین شی هوانگدی) بۆ کارپێکردن بە زۆرەکی ئەوانی بردبوو.

## جێگری سەرۆکی سوریا لەگەڵ رۆشنبیرانی کورد کۆدەبێتەوە



خاتوو (د. نەجاح ئەلعەتار) جێگری سەرۆکی سوریا بۆ کاروباری فەرهەنگی کە بۆخۆی کەسایەتیەکی سەربەخۆیەو ئەندامی حزبی بەعسی فەرمانڕەوا نیە، رۆژی 6-7-2006 لەشاری دیمەشق لەگەڵ ژمارەیەك رۆشنبیری سەربەخۆی رۆژئاوای کوردستان کۆبۆوە.

بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر دۆزی زمان‌و رۆشنبیری‌و مافی کوردان، جێگری سەرکۆماری سوریا بانگهێشتی ژمارەیەك رۆشنبیری کوردستانی رۆژئاوای کردبوو. دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە رۆشنبیرانی کوردستان لەراگەیاندراوێکدا دیاریان کرد کە لەگەڵ جێگری سەرۆکی وڵات سەبارەت بەرۆشنبیری نیشتیمانی دانوستاندن کراوەو داوای لێکراوە کە سەبارەت بەدۆزی زمان‌و رۆشنبیری‌و مافی کورد دەبێ هەنگاوی پێویست بهاوێژرێن. وەك زانراوە جێگری سەرکۆماری سوریا دووپاتی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەوان دەیانەوێ بەوردی لەکێشەی کورد نزیك ببنەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش لە کۆتایی مانگی رابردوو دیدار لەگەڵ ژمارەیەك نوێنەری لایەنە کوردیەکان کردووەو ئامادەشن لەداهاتوودا دانوستاندنی زیاتر بکەن‌و هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵبگرنەوە.

